کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
30-5-2007 0:43بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

# تمیزی عنصری لە بازگەی هەولێر- کەرکووک ... هەرمان هەولێری

ئەگەر کەسێك بە ڕێکەوت یاخوود بۆ کارێك ڕێی بکەوێتە دەرەوەی هەولێر، مەبەستم ڕێگەی کەرکووکە، هەر تەنها چویتە ئەو دیو بازگەکە ئیتر قورت بۆ گیراوەتەوە دەبێ بە لانی کەم نیو کاتژمێر چاوەڕێ بکەیت تاکو دەگەیتە بەردەم کاکەی ئاسایش و لێت دەپرسێ لە کوێوە هاتووی، چووم بەنزین لە ئۆتۆمبێلەکەم بکەم، چەکت پێیە، ناسنامەیەکمان بدەیێ، سندوقەکە بکەوە، بۆچی ناسنامەی حزبیت پێ نیە ئەوانە هەموو پرسیارن و دەبێ وەلام بدەیتەوە بەلام هەر لەو بازگەیە ڕێگەیەکی تایبەت هەیە لە سەرەتای بازگەکە ئاسایشێك ڕاوەستاوە بۆ لێرەوە دەڕوێت پێشمەرگەم، حزبیم، شتی تر.. ناسنامەکە ئەگەر ناسنامەیەکی زەرد بێت ئەوا خۆشبەختیتە و یەکسەر بەسەر چاو دەڕۆی بەلام خوانەکاتن ناسنامەیەکی تر پێ بێت ئەگەر پێشمەرگە بێت، یان حزبێکی تر ئەوا دەبێ لەگەڵ ئاپۆرای ئۆتۆمبێلەکانی تر بوەستیت و چاوەڕێ بکەیت بێجگە لەوە کردنەوەی سندوقی ئۆتۆمبێل و ناسنامەی تر و پرسیاری زۆر و پشکنین، پرسیم بۆچی خەلکی تر بۆی نیە لەو ڕێگەیەوە بڕوات وەلامی کاکی ئاسایش ئەوە ڕێگەی (زەرد و گولانە) کەسی تر بێجگە لەوان بۆی نیە لەو ڕێگەیەوە گوزەر بکات، لە تەنیشتم پیاوێك وەستا بوو ووتی بۆ تۆیان گێڕایەوە ووتم پارتی نیم بۆیە، هەر لە بەردەمم پیاوێکی تر ناسنامەیەکی دەرکردوو بەخێرایی ڕۆیشت خۆشی ووتی من ئەندام ڕێکخراوم پیاوێکی تر ووتی ئەو کەسە لە سەردەمی بەعس منی زیندانی کردووە ئەو کاتە من شیوعی بووم بەشەق تێیهوڵدام بەلام ئێستا من سەربەخۆم و بێ لایەنم، هەر لەبەر ئەو دیاردانە باوەڕم بە هیچ حزبێکی کوردستانی نەماوە چونکە ئەوانەی لەسەردەمی بەعس و داگیر کەرانی کوردستان ڕاوە کوردیان دەکرد ئەوا هەم دیسان ئەوان پیاوی لە پێشی دەسەلاتن، چونکە کلتووری دەسەلات و حزبە کوردیەکانیش هەمان کلتووری بەعسە نازانم جیاوازی چییە لەنێوان ئاسایشێکی بازگەی هەولێر-کەرکوك لەگەڵ ئەمنێکی سەردەمی بەعس خۆ زۆردار هەر زۆردارە کورد بێت یا هەر نەتەوەیەکی تر بەلام ئێمە مانای هەموو کوردین، ڕێکەوت و واقیع ئەمرۆ ئەوانەی کردۆتە مێردەزمە بەسەر سەرمانەوە کە هیچ ڕەفتارێکی کوردانەیان نیە، بێجگە لە ڕەفتاری حزبیانەی ووشکی بێ مانا خۆ ئەگەر من لەو حزبە بم دەبێ پرسیار لە خۆم بکەم باشە بۆچی ئەو هەموو خەلکە زۆرە وەستاوە هەموو بێلایەنن و حزبەکانی تر لە چاو ئەوە ڕێژەیەکی کەمی خەلك حزبی پارتین و لەو ڕێگەیەوە گوزەر دەکەن کەواتە زۆرینەی خەلك بەوان ڕازی نین و باسی دیموکراتیش دەکەن خۆ شەرعیەتی دەسەلات لە سیستەمی حوکمرانی دیموکراسی خەلکە، بۆمان ڕوون دەبێتەوە حزبی دەسەلاتی هەولێر شەرعیەتی لە خەلکەوە نیە بەلکو لە شتی ترەوەیە ئەوانیش پێویست بە شیکردنەوە ناکات و هەموو کەسێکی عاقل دەیزانێت. ئافەرین حزبی پارتی دەسەلاتی هەولێر بۆ پەروەردە و ئاراستە کردنی هێزەکانی ناوخۆ و زێرەڤانی و ئەندام و کادیرە حزبیەکانت.

Herman_hewleri@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.